# فرۆکەی پلاستیکی سور



**شێرزاد ئەمینی**

ئەوەش دوایین پلیکانی سیلۆ. ئەوەش بڵیندترین سەربانی شار. باشە نێو دڵم بۆ ئاوا بەتاڵە. ئەو کوڵی گریانەم لەچیە. تازە کەچی؟ خۆ دەرفەتی مانم نەماوە. هەر بکەمە لێواری دیوارەکە.. ئەسڵەن ئەو حەموو فکرەی پیێ ناویێ. هەر ئێستا خۆم فڕیێ دەدەمە خوار. ئەوەش لێواری دیوارەکە. ئەوە بۆ لاقم هەڵنایەتەوە. ئەو چۆکەم بۆ وا دەلەرزیێ. نێو دڵم دەکزێتەوە. بڕێك دابنیشم چاك دەبمەوە. ئادی زۆر ماندوو بووم.. جا ئەو حەموو عالەمەی. بریا نەهاتبامە ئێرە. ئاوا ئابڕوشم دەچیێ. با فرمێسکەکانم بسڕمەوە. با نەڵێن دەگریا.. کوڕە بەگۆڕی بابیانەوە. هەرچی دەڵێن بابیڵێن. خۆ ئەمن تازە نامێنم. هەر ئێستا خۆم فڕیێ دەدەم. تازە لەو خوارەڕا کیێ ئەمن دەبینیێ.. بریا نەهاتبامە ئێرە. ئەگەر باڵم هەبایە هەر ئێستا رام دەکرد. هەڵدەفڕیم. هێندە هەڵدەفڕیمە حەوا تا ئەو خەڵکە دەبوون بەنوقتە. ساختومانەکان هەر نەدەدیتران. دنیا

دەبوو بەنوقتە. وەك ئەو فڕۆکەیەی بان سەرم. ئەریّ خالیدی سۆفی مینا فڕۆکەکانی چۆن ساز دەکرد. دەیگوت کاغەزی نین. لەمقەبباش نەبوو. فڕۆکەکە لەناو دەستمدابوو لەپڕ هەڵفڕی. پەڕڕەکانی هەموو دەستو پەلمی دابڕی. خۆم نەگرتباوە لەسەر ئەو شاخە بڵیندە را بەرببوومەوە.. بریا هەر ئەودەم بەرببومایەوە. ئیدی ئەو هەموو ئازارەشم نەدەکێشا. ئیدی وەك گولان دووره پەرێزیان لیّ نەدەکردم. کوڕە لەوەتی لەبیرمە هەروا چارەرەشو ناخۆشەویست بووم. ئەو دەمانەی مندالّ بووم لەبەر نەداریو قوڕ بەسەری مالّیّ تاقە چەلێکیش کراسێکی جوانم بەبەرمەوە نەدیت. بەیانەکانی شەلاّلی رۆنی واکسی بووم. ئێوارەکانیش تەواوی ئەعزای لەشم لەقوڕی کوچە دەگەوزا. ئەمن تۆڵەی ژیانی سەگ مەرگی خۆم لەئاوالّەکانم وەردەگرتەوە. ئەوانیش لەمن. ئێستاش لەودەم بیّ مرادتر. ئیدی ئاوالێکیشم نەماوە خۆی لەقەرەی بدەم. یەکیان ئەوە لەزیندانێیەو تا شەش مانگی دیکە رەنگی دەریّ نابینیّ. ئەگەر مندالّیش بووین هەمیشە دوو سیّ شەگەلاّتی لەگیرفاندابوو. تادەمانگوت رەحیم کەپۆ ئەو حەموو شەگەلاّتە لەکۆی دەهێنی، چاوێکی لەدوکانە سورە چکۆلەکەی کاك برایم دەکردو دەیگوت: ئەمن وەك ئەنگۆ خوێڕی نیم، ئەگەر شتێکم بویّ یەکڕیّ وەدەستی دەهێنم. کەمالّو دیاکۆ کە بەمندالّیش هەر پێکەوەبوون، لەکاتی گیان بەخت کردنیشدا یەکتریان بەجیّ نەهێشت. باشە ئاخر ئەو مەعمورانە چۆن بەپەناگاکەیان زانیونو کەوتوونەتە* سەریان؟ ئاخ کەمالّ! ئەو حەموو خوێنەی لەبەرچووە، داخوا چەندە ئازاری دیوە. دیاکۆش هەر لەپەناوی لەتینووان قڕبووە.

ئیتر ئاوالّێك نەماوە تۆڵەی برسیەتیو دەربەدەریم لەوی بکەمەوەو لەعەرزێی بگەوزێنم. نەمان لەو ژیانە نامرادە خۆشترە. ئەو کات کە مندالّ بووم نەمدەزانی بۆچی بەدبەختم. ئێستاکە دەزانم هۆیەکەی چییە نازانم چۆنی عیلاج بکەم. قورسترین ماددەی دنیایەم خستە سەر کۆلّ. حەموو رۆژیّ ئەو شاخو ئەم شاخم پیّ دەکرد، بەشکم سپەینیەکەی بحەسێمەوە. رەنجی شاخەوانیو ترسی لەکەمین کەوتن لەئەستۆی من بوو و بەهرەکەی بۆ کەسانێکی تر. ئاخرییەکەشی هەر گولێتیو نەخۆشیم بەنەسیب بوو. بریا هەر ئەو دەم فڕۆکەکەی خالید دەستو پەلمی لەتو پەت کردبا یاکو لەسەر شاخەکە را بەرببووماوە خواریّو نەجاتیم هاتبایە. ئەگەر بەرببوماوە ئیدی بەزگی بەتالّ سیّ سەد پلیکانم نەدەپێوا تا دیسان بەرببمەوە سەر ئەو حەموو گەنمە. ئەو حەموو گەنمە چ لیّ دەکەن؟ یانی ئەو هەموو گەنمەی جێی ئەو سیلۆیە دەبێتەوە؟ یەکجار زۆرە. بەقەرا تەواوی ئەستێرەکانی دنیا. کوڕە زۆرتریش لەو شارە هەر کەسەی تایەکی پیّ دەبڕیّ.. بریا لەو ئاخرییەدا سیخارێکم پیّ بایە. ئاوا بیّ مرادتر دەمرم. دەبڕۆ بمرەدەی. ئەوە بوو بەشەوو.. ئەوە کێیە دەست رادەوەشێنیّ. لەو دورەرا چۆنی ناسیومەوە. با هەستمە سەرپیّ. دایەی.. ئەو هەتیوە لێرە چ دەکا. لێرەش دەستم لیّ هەڵناگریّ. وەی سەرم. ئەوە چ بوو وێی کەوت. هەموو سەرو سەکوتمی دابڕی. دەبیّ خۆم بگرمەوە. دەبیّ خۆم بگر.. نەدەبوو هاتبامە ئێ.. دەبوو..

سبەینی ئەو رۆژە، یەکێك لەڕۆژنامەکانی شار، سەردێڕێکی بەرچاو:

وێکەوتنی فڕۆکەیەکی پلاستیکی سورە وە بڵیندترین

ساختومانی شار... درێژەی هەواڵەکە لەلاپەڕە 2دا..

لاپـەڕە 2–نیوەڕاسـتی لاپـەڕە–بابـەتی یەکـەم: بـەپێی هـەواڵنێری ڕۆژنامـە لەسـەر قـسەی تاقمێـك لەکرێکارانی سیلۆی گەورەی شار، بەیانی ئەمڕۆ تەرمی لەتوپەتی فرۆکەیەکی پلاستیکی سور لەسەربانی ئـەو سـاختومانە دۆزراوەتـەوە. تـا ئێـستا هـەواڵێك لـەخاوەنی فرۆکەکـە لەدەسـتدانیە. لـەو نێـوەدا یـەکێ لەبەرپرسانی پارێزەری هێمنایەتی شار بەهەواڵنێری ئێمەی گوت، مـەعمورانی پـارێزەری هێمنایـەتی وڵات لێبڕاوانە بەدووی خاوەنی فڕۆکەکەوەن. هەروەها ڕادەی خەسارەتی ئەم ڕووداوە تا ئێستا دیاری نەکراوە.

هەر ئەو ڕۆژنامەیە–لاپەڕەی هەشت–گۆشەی لای چەپ، خوارەوە: تـەرمی پیاوێك لەوتاغـەکی بارڕێژی کامیۆنێکی پڕ لەگـەنم لەتەنیـشت سـاختومانی سیلۆی شار دۆزراوەتـەوە. لـەو نێوەدا یـەکێ لەمـەعمورانی پـارێزەری هێمنایـەتی شـار گـوتی کـە بـۆی هەیـە هـۆی مردنـی ئـەو پیـاوە خنکـان بـەهۆی خـواردنی زیـاتر لەئەنـدازەی گـەنمی نـاو ماشـێنەکە بـوو بـێ. شایانی باسـە کـە یـەکێکی تـر لەمـەعمورانی حـازر لـەو شـوێنە ڕایگەیانـد کـە پێوەنـدیەکی هـەر چـەند کـەمڕەنگ لـەنێوان ئـەم ڕووداوەو ڕووداوی وێکـەوتنی فڕۆکـەی پلاستیکی لەگەڵ ساختومانی سیلۆ شك دەبەن.

(3)

حەوشـی دادگـای شـار لیپـاولیپی خـەڵك بـوو، ڕێڕەوەکـانی ژووری سـاختومانی دادگـا جێـی دەرزی هەڵاویـشتنیش نـەدەبۆوە. بـەجۆرێك کـە ڕاپـۆرتێری گۆڤـارو ڕۆژنامـەکانیش بەنێوگـەڵی جەماعەتەکـەدا گاگۆڵکەیان دەکرد.

وازی ژوری دادگاش باشتر لەڕێڕەوەکانی نەبوو. جیاوازییەکەی تەنیا لەوەدا بوو کە لـەئێرە حەشیمەت لەسەر سەندەڵی دانیشتبوون‌و بێ دەنگ‌و بەحەپەساوی چاویان لەپێشەوەی خۆیان دەکرد.

تاوانبـار لەپـشتەوەی مێزێك ڕاوەسـتابوو و چـەند مـەعمور ئاپۆرەیـان دابـوو. قـازیش لەپـشت مێزێکـی گەورە، وێڕای جێگرەکەی– کە لەپشت کۆ لێك لاپەڕەو پەروەندەو کتێب شاردرابۆوە دانیشتبوو. دادسـتان بـەرەوڕووی تاوانبـار لەتەنیـشت پەنجـەرە ڕاوەسـتابوو و چـاوی لەوێنـەکێش دەکـرد– واتـە چـاوی لـەمن دەکرد–و هەرچەند ملی خوار دەکردەوە چ لەڕەسم‌و وێنەکێشراوەکانی سەر لاپەڕەکە نەدەگەیشت. ئاخر جۆرێك کاغەزەکـەم ڕاگرتبـوو کـە تـەنیا بـەخۆم بیبیـنم. وەك قوتـابێکی تەمبـەڵ کـە کاغـەزی ئەزمونەکـەی لەماممۆستا دەشارێتەوە، وێنەکێشراوەکەم لەپشت قەدی کەمەرم شاردبۆوە. هەڵبـەت ئـەوە یەکـەم جارە لـەم وڵاتە وێنەکێش بانگ دەکەنە دادگا. کە ئەویش هەر بەویستی خۆم بوو. ئاخر بیانوویـەکی تـرم بـۆ حزوری خۆم لەچیرۆکەکەدا نەدیتوە. تا ئێستا ڕووداوەکە بەپێی ڕەوتی سروشتی خۆی چۆتە پێش جگە لە لەحنی گێڕانەوەکـەم. ئـەویش چـوون هـەر بەشـەم لەڕۆژێکـدا نووسـیبوو و ڕۆژێـك خـەم دایگرتبـووم‌و ڕۆژێـك بەکەیفبووم لەحنی بەشەکانی ڕووداوەکە ناڕێکن. جا.. جا وەختێ ئاوا دەڵێن پاراگرافێکی بەتاڵ یاکو سێ دێڕی سپی. هەتا خوێنـەر وچانێك بدا. بەڵام ئـەو هەوایـە نیـە. بۆ دەنا فشەیە. بەهـەزار کوێرەوەری خـۆم گەیاندووەتـە نیوەڕاستی دادگا، ئێستاش ئـاوا بەسوك‌و ئاسـانی یـاڵڵاو یـا عـەلی بچمە دەرێ؟ کوڕی تـازە قسەم بۆ دێ با جارێ لـەپێش هـەموو شتێکدا جنێوێك بەخالیدی سۆفی مینـە بدەم. هـەی لـە.. مەسـەلەن قەرار بوو کاکەم دەوری ڕووناکبیری چیرۆکەکە بگێڕێ. چـەندە گـەڕام تـا دیتمـەوە. یـەك دەیگـوت داشقەی

پێیەو لەمەیدانی تەڕەبار دەبێ. یەك دەیگوت لەنێو شاخەکانی دەوروبەری شار خەریکی فڕۆکە دەحەوا کردنە. چوار قوڕنەی شارم گەڕا نەمدیتەوە. هەتا چەلێك بەخۆی لەپڕ بەسواری فڕۆکەیەکی پلاستیکی سور هاتەلام. حەموو شتێکم بۆ گێڕاوە پێشم گوت بڕێکم پێویست بەقسەی نستەق نستەق و کابرایەك هەیە کە لەهەوەڵی چیرۆکەکە را هەتا ئاخر باس لەسەر لێشێواوی مرۆڤی سەردەم و ون بوون لەڕەشایی بێ کۆتایی دا بکا. کەچی بەخۆتان دیوتانە قسە سەهلە، وشەیەکەیشی بۆ نەهاتووە. یانی بەو کارە قۆڕەی کردی دەرفەتی قسەی بۆ کەس نەهێشتەوە. هەر لەهەوەڵی چیرۆکەکەدا فڕۆکەیەکی پلاستیکی لەحەوا کردو گرم لەتەپڵی سەری کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەمی کوتا. جا بەخیلی پێ هاتێیە یاکو شتێکی دیکە لەگۆڕێ دا بوو نازانم.

ڕەفیقەکەشی کە هەر بەو جۆرە دیتتان هەر لەسەرەتای چیرۆکەکە ماڵ ئاوایی لەدنیا کرد، بەخۆی پێی ناساندم. خالید دەیگوت سوتەمەنی فڕۆکەکانی هەر ئەو بۆی پێك هێنابوو. کەچی ئاخریش ژیانی هەر لەسەر ئەو کارە دانا. واتە نەخۆشی بەئۆرانیۆمەوە گرت و خۆکوشتنی لەبەزەلیلی مردن بەڕەواتر زانی.

بەلاّم لەچەشنی قازی و بەردەستەکەی وەك خیزو خۆڵ هەبوون. جاریّ قازێکان حەموویان گورپن و خەواڵوو بوون و زۆریش مفتەخۆر. ئەمنیش هەر ئەی شاری خۆمانم هەڵبژارد. کارفەرماو مەعمورەکانیش بەزۆر خۆیان تێهاویشت. شۆفێری کامیۆنەکانیش هەروەتر، جا ئەو حەل دەچینەوە دادگا..

قازی: ئێعدام

ئێعدامی چی و شتی چی. کێ گوتی حوکمی ئاوا قۆڕ بدەی.

ئەلێرەدا قازی وێنەکێشی بەهۆ شێواندنی سەحنی دادگا وەدیوی دەرێ نا..

ئەوە کێیە قسە دەکا. وێنەکێشی چی و شتی چی. ئەمن نوسەری ئەو چیرۆکەم. ئەوە ئەمنم دیاری دەکەم کێ چ بکاو چ بڵێ. ئەوە کێیە لەخۆیەوە قسان..

چەند رۆژ دواتر وێنەکێش لەحاڵێکدا شێت ببوو خۆی گەیاندە سەربانی سیلۆی شار هەتا بەوتەی خۆی عەیبی کارەکەی لەئەوێ بدۆزێتەوە. هەروا کە خەریکی بەڵگەیەك سەرە هەودایەك یا شتێکی لەو چەشنەبوو، دروست ئەو کاتەی کە لەڕاستەقینە نیزیك دەبوویەوە لەپڕ فڕۆکەیەکی پلاستیکی سور وە تەپڵی سەری کەوت. دوایەش لەو بڵیندرایە بەربوویەوە خواریّ و کەوتە نێو وتاغەکی بارڕێژی ماشێنێکی پڕ لەگەنم.

(5)

درێژەی چیرۆکەکە نیوەڕاستی لاپەڕەی پێش.

قازی کە تا ئێستا خەو دایگرتبوو، بێ ئەوەی جەماعەتی نێو دیوەکە پێی نەزانن، بێ پێشەکی گوتی: تاوانبار بهێننە ژوور.

تاوانبار هەڵیدایە: مەگەر بچمە دەر قوربان دەنا لەمێژە لەژووریم.

قازی ویستی حوکمێك لەچەشنی حوکمەکانی ڕۆژانی پێشوو بداو هەر لەسەرەتای کارەکە کۆتایی دادگا رابگەیەنیٚ. بەلاٚم هەلومەرجی ژووریٚی لەبەرژەوەندی فکرەکەی دا نەزانی. هەر بۆیە چاوەڕوان مایەوە هەتا جێگرەکەی حوکمی تاوانباری خوێندەوە.

قازی بیٚ مەحتەلی رایگەیاند: (ئێعدام) دوایەش رووی کردە تاوانبارو پێی گوت کە بڵێی قسەیەکی بۆ گوتن هەبیٚ؟

خالیدی سۆفی مینە بیٚ دەنگو ئەرخەیان رووی کردە پەنجەرەی دیوەکە. لەمەودایەکی دور راچاوی بەفڕۆکەیەکی پلاستیکی سور کەوت کە لەسەریەك چاوی دادەگرت. دوایەش بەشێوەی دەورگێڕە بەرابەری خوازەکانی فیلمە سینەماییەکانی دەیەی شەستی ئوروپا، بزەیەکی تاڵی کەوتە سەر لێوو چاوەڕوانی رووداوامایەوە. چاوەڕوان مایەوەو فڕۆکەکە نیزیك بوویەوە. نیزیکترو نیزیکترو نیزیکترو..

(6)

ئەوەش قایم ترین تەنافی دار. ئەوەش لەقترین چوارپایە. هەر دروست وەك چوار پایە لەقەکەی دوکانە سورەکەی سەردەمی منداڵیم. تا کاك برایم وەسەری دەکەوت هەتا کۆنسێرتێك یا رێگایەك بهێنێتەخوار، رەحیم کە بۆ سیٚ چوار شەگەلاٚتو بیسکویتی مۆزی لەگیرفان دەخست. تا دەمانگوت بۆ دزی دەکەی رەحیمە کەپۆ. دەیگوت ئەمن وەك ئەنگۆخوێری نیم. ئەگەر شتێکم بویٚ وەدەستی دەهێنم. ئیدی کەماڵو دیاکۆش نەماون بەزۆر شەگەلاٚتەکانی لەگیرفان بهێننەدەرو لێی وەربگرن. سەیر بوو ئەو جووتە چۆن گۆڕدران تا ئەودەمەی لەگەلٚ یەکتر بووین، منداڵی حەوت گەڕەکانیان بەزاندبوو. کاك رەسولی باوکی کەمالٚ دەیگوت کاری ئاغای رەحیمی بووە. دەبیری مێژووی سەردەم. ئەمنیش ساڵێکی قوتابی بووم. کابرایەکی زۆر لەسەرەخۆ بوو. رووماپەکی گەشو لێو بەبزەی هەبوو. قەت دەستی لەسەر کەس هەڵنەدەهێناوە ئەگەر لەکەسێك تۆرابایە، لانی زۆرەکەی سەری رادەوەشاندو دەچوو لای کەسێکی دیکە. وەك ئەویٚ جاریٚ کە ئەزمونی لیٚ وەردەگرتین. گوتی تا حەمووماں وەرەقەی ئەزموونەکەمان لەسەر کتێبی خۆی جواب بدەینەوە زۆرمان پیٚ سەیر بوو. بڕوامان بەخۆمان نەبوو. ئەزموونەکە ئی مێژووی سەردەم بوو و کتێبەکەی ژێر لاپەڕەی ئەزموونیش هەر ئەو کتێبە بوو. زۆرم هەولٚ دا چاوی لیٚ نەکەم. ئاخریەکەی خۆی پیٚ رانەگیراو نێوانی کتێبەکەم کردەوە کە سەرم هەڵێنا دیتم ئاغای رەحیمی سەری رادەوەشاندو رووی لیٚ وەردەسوڕاندم. مەك چەندم پیٚ عەیب بوو. ئەودەم پێم خۆش بوو بمرمو ببمە دلۆپێك ئاوو بچمە ناو عەرز.

ئاغای رەحیمی هۆگرێکی سەیری بەو کەسانە هەبوو کە لەحەینی قسەکردندا بەجوانی گوێیان بۆ رادەگرت. وەك ئەویٚ جاریٚ کە ئەو خەریکی باسێکی مێژوویی سەردەم بوو و لەسەرەوەی کلاس لەهاتو چوودا بوو. ئەمنیش نازانم بەچ هۆیەك، هەروا کە ئەو هاتو چۆی دەکرد وەك گوڵەبەڕۆژە سەرم لەگەلٚ دەسوڕاندو تێی فکرابووم. دیتم یەك ناگا راوەستاو دوای وچانێك کە هەروا روی دەمن بوو گوتی: بژی خالید، بژی. ماندوویەتیت حەساندمەوە. لەوکاتەدا پێم خۆش بوو باڵم هەبیٚو بچمە ئاسمان. ئەو کارەی هێندەی شوێن لەسەر دانام، ئێستاش دوای چەند ساڵان قسەکانی ئەویٚ رۆژێم هەر لەبیرە، هەر دەتگوت ماکسیم گورگییەو زیندووبۆتەوە: (چەندە خەڵك هاتوونەتە سەر دنیاو تا چ رادەیەك بەرهەمی کەمیان

لەخۆیان بەجیٚ هێشتووە. بۆ دەبیٚ ئاوا بیٚ؟ ئێمە رابردوومان بەلەعنەت دەکەین، چونکە بەخیلی ئێمە بەنیسبەت خۆی تەحریك دەکات، چونکە ئەمڕۆکانە وەها خەڵکێك کە دوای مەرگی خۆیان بەرهەمێکی پڕ بایەخ بەجێبێڵن، هەر بەدی ناکریٚ. ئینسان دەخەویٚ.. هیچ کەسیش لەخەوێی هەڵناستێنیٚ. دەخەویٚو دەبێتە حەیوان. ئەو پێویستی بەشولكو قامچیو بەدوای ئەویشدا نیازی بەدەست بەسەرداکێشانی هێمنانەو ئاگرینی ئەوینی هەیە. لەلێدانەکەی مەترسیٚ. چون ئەگەر ئەتۆ ئەوت خۆش بویٚو لێی بدەی لەمانای لێدانەکەت دەگاو ئەو لێدانە بەخۆی رەوا دەزانیٚ. کاتێکیش هەستی بەژانو ئازارکردو لەخۆ بەشەرم داچوو بەگەرمای ئەوین دەستی بەسەردا بێنە دیسان زیندوو دەبێتەوە.. خەڵك ئێستاش هەر منداڵن، ئەگەرچی جاروبار ئێمە لەخەساری بیروڕاو هەرزەکارییەکانی خۆیان توشی سەرسوڕمان دەکەن، بەلاٚم گشت کات نیازیان بەخۆشەویستیو حەولی بەردەوام بۆ چێشتی ساغو تازەی رەوان هەیە.. ئایا خەڵکتان خۆش دەویٚ؟ ئەگەرچی ئاغای رەحیمیم نەدیتەوە بەلاٚم دواتر قسەکانیم لەکەسانی تر بیستو خوێندەوە. سەد خۆزگە بەکەماڵو دیاکۆ کە تا ئاخر لەگەڵ خۆی بوون. ئەوان بەوکارەی کردیان بوون بەگەورەترین کەسایەتی مێژوو. ئەمنیش تەنیا بووم بەکەسایەتییەکی چکۆلەی چیرۆکێك کە کارەکەم وەخەبەرهێنانی ئەو ئینسانانەیە کە خەوتوون. جا نازانم لەچیرۆکەکانی داهاتوودا فڕۆکە پلاستیکیە سورەکەم وەتەپڵی سەری کیٚ دەکەویٚ.. ئەگەرچی لەکۆتایی چیرۆکەکەدا وەك ئێستا تەنافی داری قازێکی خەواڵوو و گۆڕینو مفتەخۆر گەرووم رێك بگوشیٚ.